# ( بانگەواز )

**پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/ دبلۆمی یەک ساڵەی پیشەیی لە کۆلێجەکانی زانکۆی سلێمانی**

## بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩- 20٢٠)

زانکۆی سلێمانی وادەی دەستپێکردنی خوێندنی باڵا/ دبلۆمی یەک ساڵەی پیشەیی ڕادەگەیەنێت لەو پسپۆڕیانەی کە هاوپێچی ئەم بانگەوازەیە بە پێی ئەم ڕێنماییانەی لای خوارەوە:

**یەکەم : خشتەی کاتی پێشکەشکردن تا وەرگرتن:**

١- ماوەی پێشکەش کردن لە (٢٠١٩/٨/٢٥ – ٢٠١٩/٩/١٥) دەبێت.
٢- تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە ڕۆژی ٥ شەمە (٢٦/٩/ ٢٠١٩).
٣- ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکان لە ڕۆژی ٥ شەمە (٢٠١٩/١٠/٣).
٤- ماوەی تانە گرتن و پێشکەشردنی سکاڵا لە (٢٠١٩/١٠/٤) تاکو (٢٠١٩/١٠/١٠) دەبێت.
٥- دەستپێکی دەوام لە ڕۆژی ١شەمە (٢٠١٩/١٠/٣٠).

**دووەم: مەرجەکانی وەرگرتن:**

١- میچ (سقف)ی تەمەن مەرج نیە بۆ پێشکەشکردن.
٢- مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی, بەپێی ئەم خشتەیەی لای خوارەوەدەبێت:

| جۆری ڕوانامە | IELTS | TOFEL IBT | TOEFL PBT | PTE |
|---|---|---|---|---|
| **سەرجەم کۆلێجەکانی ناو پلان** | **٤** | **٤٠** | **٤٥٠** | **٣٦** |
| **پزیشکی ددان** | **٥** | **٥٦** | **٤٩٥** | **٤٧** |

یاخود ڕوانامەی خولی زمانی ئینگلیزی بەدەست هێنا بێت لە یەکێ لە سەنتەرەکانی زمانی زانکۆکان و ئاستی خولەکە هاوتای ئاستی **(٤)**ی (IELTS) بێت بۆ سەرجەم کۆلێجەکانی ناو پلانەکە و بەرامبەرەکانی, هەروەها **(٥)**ی (IELTS) بێت بۆ کۆلێجی پزیشکی ددان وبەرامبەرەکانی.

٣- مەرجی ساڵانی خزمەت یان تێپەڕبوونی ماوەی پێویست بەسەر دەرچووندا:
بوونی دوو ساڵ خزمەتی فعلی تا ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٣٠) بۆ خوازیارانی دامەزراو (دامەزرابن لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم) وە بۆ ئەو خوازیارانەی کە دانەمەزراون پێویستە (٢) دوو ساڵ

بەسەر دەرچوونیان و بەدەستهێنانی دوا بڕوانامەی بەکالۆریۆسەکەیان لە زانکۆ تێپەڕ بووبێ تا (٣٠/١٠/٢٠١٩).

٤- فەرمانبەرانی هەمیشەیی سەر بە میلاکی زانکۆکان و دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ یان نیە پێشکەشی ئەم جۆرە خویندنە بکەن.

**سێیەم: مەرجی تێکڕای نمرە (معدل) ی بەکالۆریۆس:**

تێکڕای نمرە (معدل) ی بەکالۆریۆسی پێشکەشکار ڕەچاو ناکرێت بۆ پێشکەشکردن, واتە هەر پێشکەشکارێک تێکڕای نمرە(معدل)ی (٥٠%) بێت ئەوا مافی هەیە پێشکەشی ئەم جۆرە خوێندنە بکات.

**چوارەم: مەرجی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی:**

تاقیکردنەوەی زانستی ئەنجام دەدرێت و ڕێژەی(٣٠%) نمرەی بۆ تەرخان دەکرێت, وە مەرجە خوازیار دەربچێت لەم تاقیکردنەوەیە واتە (١٥) نمرە لە (٣٠) نمرەی تەرخان کراو بۆ تاقیکردنەوەکە بە دەست بهێنێت.

**پێنجەم: پلانی خوێندنی باڵا/ دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی:**

| ز | کۆلێج | بەشی زانستی | پسپۆڕی | ژمارەی کورسی | کرێی خوێندن بۆ هەر ساڵێکی خوێندن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یاسا | یاسا | یاسای گشتی | ١٥ کورسی | 3000000 (سێ ملیۆن دینار) |
| | | | یاسای تایبەت | ١٥ کورسی | 3000000 (سێ ملیۆن دینار) |
| ٢ | پەروەردە | فیزیا | - | ١٠ کورسی | ٢٥٠٠٠٠٠ (دوو ملیۆن وپێنج سەد دینار) |
| ٣ | پەروەردەی بنەڕەتی | زمانی ئینگلیزی | - | ٢٠ کورسی | ٢٠٠٠٠٠٠ (دوو ملیۆن دینار) |
| | | باخچەی ساوایان | - | ٢٠ کورسی | ١٠٠٠٠٠٠ (یەک ملیۆن دینار) |
| ٤ | پەروەردەی وەرزش | پەروەردە | - | ٢٠ کورسی | 3000000 (سێ ملیۆن دینار) |
| | | بنەڕەتی | - | ١٠ کورسی | 3000000 (سێ ملیۆن دینار) |
| ٥ | زانست | جیۆلۆجی | - | ٢ کورسی | 3000000 (سێ ملیۆن دینار) |
| | | بایۆلۆجی | - | ١٣ کورسی | 3٥00000 (سێ ملیۆن وپێنج سەد دینار) |
| | | کیمیا | - | ٣ کورسی | 3000000 (سێ ملیۆن دینار) |
| ٦ | کارگێری و ئابووری | ئامار و زانیاری | تطبیقی | ١5 کورسی | 4000000(چوار ملیۆن دینار) |
| | | | تطبیقی | ٥ کورسی | 4000000(چوار ملیۆن دینار) |
| | | کارگێری کار | - | ١٥ کورسی | ٤000000 (چوار ملیۆن دینار) |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 7 | **پزیشکی ددان** | **نەشتەرگەری ددان و نەخۆشیەکانی پووک** وددان | **-** | **١٤ کورس** | **6000000 (شەش ملیۆن دینار)** |

**شەشەم: بەڵگەنامەکانی پێشکەش کردن:**

١- ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی یان کارتی نیشتمانی (ڕەسەن + یەک کۆپی).

٢- چوارۆێنەی ڕەنگاو ڕەنگ باگراوندی سپی بێت.

٣- بڕوانامەی بەکالۆریۆس (ڕەسەن + یەک کۆپی).

٤- بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی بەمەرجێک (٢ ساڵ) بەسەربەروارەکەی تێپەڕ نەبووبێت (ڕەسەن + یەک کۆپی).

٥- نوسراوی لاری نەبوون بۆ دامەزراو لە دام و دەزگاکانی حکومەت.

٦- فۆڕمی داخوازی (لە یەکەی خوێندنی باڵای کۆلێج دەست دەکەوێت).

٧- بەڵێنامە کە پێشتر لە خوێندنی باڵا وەرنەگیراوە لە ناو هەرێم و دەرەوەی هەرێم وە وەرگرتنەوەی ڕەت نەکراوەتەوە بە هۆیەک لە هۆیەکانی کەمتەرخەمی یان وازهێنانی نا یاسایی یان دوور خستنەوە یان سەرنەکەوتن لە خوێندن (ئەم بەڵێنامەیە لای دادنوس دەکرێت).